ژمارە: ل‌ق / ٣٦٧ /
بەروار: ٦ / ٧ / ٢٠١٩

No: / /
Date: / /2019

**بۆ/ ١ـ لیژنەی کاروباری یاسایی**

**٢ـ لیژنەی شارەوانی گواستنەوە و گەیاندن و گەشتوگوزار و ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان**

**بابەت/ پێشنیازی یاسا**

بە پشت بەستن بە مادده/٨٣ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، هاوپێچ لەگەڵ نووسراوماندا وێنەیەك لە دەقی پێشنیازی یاسای (**بەخاوەن کردنی ئەو زەوییانەی زێدەڕۆییان لەسەر کراوە لە سنوری شارەوانییەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق**)، ئاراستەتان دەکەین، کەلەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان پێشنیاز کراوە و، لە دانیشتنی ژمارە/ ١٠ی ڕۆژی شەممە ٢٠١٩/٧/٦، خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، دوای دیراسەت کردن لە رای خۆتان ئاگادارمان بکەنەوە.

**لەگەڵ ڕێزدا**

**د. ڤالا فرید أبراهیم**

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

وێنەیەك بۆ:

- نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان
- نووسینگەی بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان
- نووسینگەی بەڕێز سکرتێری پەرلەمانی کوردستان
- نووسینگەی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی دیوان
- بەڕێزان گشت ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان
- سەنتەری توێژینەوە لە پەرلەمانی کوردستان
- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان و لیژنەکان
- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان و لیژنەکان/ بەشی کاروباری پەرلەمان

دوای گفتوگۆکردن و تاوتویێ کردن، لیژنەی یاسایی گەیشتە ئەم ئەنجامەی خوارەوە:

**لاریمان نیە ئەم پێشنیازە یاساییانە بچێتە بەرنامەی کاری دانیشتنی پەرلەمان و خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت چونکە پێوەرەکانی ماددەی (٧٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان لە خۆ دەگرن.**

ڕووپاك احمد رحمان رسول
ئەندام

كاوە عبدالقادر حسن علی
ئەندام

سارا دڵشاد بكر مولود
ئەندام

ڕوبینه اویملك عزیز مملوك
ئەندام

ئەرشەد حیسن محمد رشید
ئەندام

خدیجه عمر طه محمود
ئەندام

سلام عبدالله حسن
ئەندام

ڕۆژان محمد كریم عیسا
ئەندام

جلال محمد امین احمد
بڕیاردەر

عباس فتاح صالح فتاح
جێگری سەرۆك

بژار خالید عبدالله ابوزید
سەرۆكی لیژنەیی یاسایی

Iraq-Kurdistan Parliament
Kurdistan-Hawler

پەرلەمانی کوردستان - عێراق
کوردستان - هەولێر

ژمارە :
مێژوو :

No:
Date:

ژمارە: ٤٢٦
بەروار: ٢٠١٩/٧/٢
بەشی کاروباری لیژنەکان

## بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

**بابەت/ پێشنیازی یاسای بە خاوەن کردنی ئەو زەوییانەی زێدەڕۆییان لەسەرکراوە لە سنوری شارەوانییەکان لە هەرێمی کوردستان - عێراق**

ئاراستەی لیژنەی یاسایی
٢٠١٩/٧/٢

دوای سلاو و ڕێز ....

بەڕێزان ئێمەی ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، کە لە خوارەوە ناومان هاتووە واژۆمان کردووە ، پێشنیازی یاسای (**بە خاوەن کردنی ئەو زەوییانەی زێدەڕۆییان لەسەرکراوە لە سنوری شارەوانییەکان لە هەرێمی کوردستان - عێراق**) پێشکەش دەکەین کە دەقەکەی هاوپێچی ئەم داواکارییە، تکایە بخرێتە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی داهاتووی پەرلەمان.

بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان
٢٠١٩/٧/٢

لەگەڵ ڕێزدا.....

| ژ | ناو | واژۆ | ژ | ناو | واژۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئومێد عبدالرحمن حسن | | ١١ | [illegible] | |
| ٢ | صباح محمود محمد | | ١٢ | فريد يعقوب ايليا | |
| ٣ | خديجة عمر طه | | ١٣ | بهجت علي ابراهيم | |
| ٤ | نەجات شەعبان | | ١٤ | گۆران عمر علي | |
| ٥ | سيبەر [illegible] | | ١٥ | شايان كاكه صالح | |
| ٦ | چيا حميد شريف | | ١٦ | [illegible] | |
| ٧ | إحسان محمد سليم شرواني | | ١٧ | [illegible] سياري | |
| ٨ | هێڤيدار احمد | | ١٨ | جنان جبار [illegible] | |
| ٩ | گوليزار رشيد سندي | | ١٩ | عثمان علي اسماعيل | |
| ١٠ | كلارا عوديشو يعقوب | | ٢٠ | محي الدين حسن | |

بەڕێز سکرتێری پەرلەمان
تکایە ... بەرنامەی کار
[illegible]

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢١ | عدنان عباس كۆ | [signature] | ٤٥ | | |
| ٢٢ | شنوا شكري عبدالله | [signature] | ٤٦ | | |
| ٢٣ | روژان محمد كريم | [signature] | ٤٧ | | |
| ٢٤ | عباس فتاح | [signature] | ٤٨ | | |
| ٢٥ | عوسمان فقى | [signature] | ٤٩ | | |
| ٢٦ | د. ريواز فايەق | [signature] | ٥٠ | | |
| ٢٧ | لوقمان وەردى | [signature] | ٥١ | | |
| ٢٨ | هەروون كوردستانی | [signature] | ٥٢ | | |
| ٢٩ | كاروان گزنەيى | [signature] | ٥٣ | | |
| ٣٠ | خێرشان حسن محمد | [signature] | ٥٤ | | |
| ٣١ | بێگەرد طالەبانی | [signature] | ٥٥ | | |
| ٣٢ | عباس فتاح | [signature] | ٥٦ | | |
| ٣٣ | شيخ طاهر شهرزاى | [signature] | ٥٧ | | |
| ٣٤ | رزگار عباس سعد | [signature] | ٥٨ | | |
| ٣٥ | جرا طالب على | [signature] | ٥٩ | | |
| ٣٦ | | | ٦٠ | | |
| ٣٧ | | | ٦١ | | |
| ٣٨ | | | ٦٢ | | |
| ٣٩ | | | ٦٣ | | |
| ٤٠ | | | ٦٤ | | |
| ٤١ | | | ٦٥ | | |
| ٤٢ | | | ٦٦ | | |
| ٤٣ | | | ٦٧ | | |
| ٤٤ | | | ٦٨ | | |

## پێشنیازی یاسای به خاوەن کردنی ئەو زەوییانەی زێدەڕۆییان لەسەرکراوە لە سنوری شارەوانییەکان لە هەرێمی کوردستان - عێراق

**ماددەی یەکەم:**

**یەکەم:** کەسی زێدەڕۆکار بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە بریتییە لەو کەسەی بە کردارەکی (فعلی) نیشتەجێی ئەو خانووبەرەیە کە دروستکراوە لەسەر ئەو زەوییەی زێدەڕوی لەسەرکراوە یان میراتگرە شەرعییەکانی یان ئەوانەی ڕاسپێردراوە بە بەخێوکردنیان.

**دووەم:** شارەوانییەکان بۆیان هەیە ئەو کەسانەی خانووی نیشتەجێیان پێش ڕێکەوتی ٢٠١٨/٢/١٢ بە زێدەڕۆیی دروستکردووە لەسەر ئەو زەوییانەی مولکی دەولەتن یان مافی ڕەفتارکردنیان لەسەرە یان مولکی تەواوی کەسانی دیکەن و دەکەونە ناو سنوری شارەوانییەکان و لەناوچەکانی نیشتەجێبوونن بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بە خاوەنی بکەن.

**ماددەی دووەم:**

مەرجە بۆ بەخاوەنکردنی ئەو زەوییانەی زێدەڕۆییان لەسەر کراوە:

**یەکەم:** خانوو زێدەڕۆییەکە بکەوێتە ئەو ناوچانەی بۆ نیشتەجێ بوون تەرخانکراون لەناو سنوری شارەوانییەکان بەپێی ماستەرپلانی شارەکان.

**دووەم:** خانووەکە بەو کەرەستانە دروستکرابێت کە ڕێگەپێدراون بەپێی ئەو ڕێنماییەی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار بۆ ئەم مەبەستە دەری دەکات.

**سێیەم:** پێشکەشکردنی داواکاری لەلایەن ئەو کەسەی بە کردارەکی (فعلی) نیشتەجێی ئەو خانووبەرەیە کە بە زێدەڕۆیی دروستکراوە یان میراتگرە شەرعییەکانی یان ئەوانەی ڕاسپێردراوە بە بەخێوکردنیان، بەپێی ئەو

ڕێکارانەی لە یاسای ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠١٨ **( یاسای ڕێگری لە زیادەڕۆیی و لابردنی لەسەر زەوی و زار و موڵکی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان – عێراق)** دەقیان لەسەرکراوە .

**چوارەم:** پێشکەشکردنی داواکاری بۆ سەرۆکی یەکەی کارگێڕی بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە لە ماوەیەك کە لە (٩٠) نەوت ڕۆژ لە ڕێکەوتی بەرکاربوونی یاسای ژمارە **(٣) ی ساڵی ٢٠١٨** تێپەڕ نەکات، و سەرجەم زانیاری و بەڵگەنامە سەلمێندراو و داواکراوەکان لە خۆ بگرێت .

**ماددەی سێیەم:**

**یەکەم:** لیژنەیەك بە سەرۆکایەتی پارێزگار یان سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان پێکدەهێنرێت بە مەبەستی دیراسەتکردنی داواکارییەکان و دڵنیابوون لە هاتنەدی مەرجەکانی پێویست بۆ بە خاوەنکردن و ، بۆی هەیە لیژنە لاوەکی لە شارەوانییە پەیوەندیدارەکان پێکبهێنێت بۆ ئەنجامدانی ڕێکارە تەکنیکییە پێویستەکان.

**دووەم:** بەهای ئەو زەوییانەی زێدەڕۆییان لەسەر کراوە بە خانووبەرەی نیشتەجێ بوون لەلایەن لیژنە تایبەتمەندەکانەوە مەزەندە دەکرێت بەپێی یاسا بەرکارەکان و بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ- بۆ ئەو کەسانەی سوودمەند نەبوون لە دەوڵەت ، زەوی مەزەندە دەکرێت بە نرخی (٦٠,٠٠٠) شەست هەزار دینار بۆ یەك مەتری دووجا لە ناوەندیی پارێزگاکان و (٤٠,٠٠٠) چل هەزار دینار بۆ یەك مەتری دوجا لە قەزاکان و (٣٠,٠٠٠) سی هەزار دینار بۆ یەك مەتری دووجا لە ناحییەکان.

ب- بۆ ئەو کەسانەی سوودمەند بوون لە دەوڵەت ، زەوی بە نرخی ڕاستەقینە مەزەندە دەکرێت.

**سێیەم:** لە حاڵەتی ڕوودانی زێدەڕۆیی لەسەر ئەو زەوییانەی موڵکی دەوڵەتن و مافی ڕەفتارکردنی کەسانی دیکەیان لەسەرە یان موڵکی تەواون بە پێچەوانەی حوکمەکانی یاسا بەرکارەکان، ئەو کاتە ئەو زەوییانەی شیدەکرینەوە (حل) و بەناوی شارەوانییەکان تۆمار دەکرێن بەپێی یاسای بەخاوەنکردنی زەوییە میرییەکانی ناو سنوری شارەوانییەکانی ژمارە **(٨٠) ی ساڵی ١٩٧٠** ی بەرکار لە هەرێم . بەڵام لە حاڵەتی ڕوودانی

زێدەڕۆیی لەسەر بەشێکی ئەم زەوییانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێکراوە، ئەوا ئەو بەشەی بە بیانکردن زێدەڕۆیی لەسەر کراوە ئیفراز دەکرێت بە مەبەستی بە خاوەنکردنی بۆ کەسانی زێدەڕۆکار ئەویش لە دوای تۆمارکردنی ئەم بەشە بەناوی شارەوانی پەیوەندیدار بەپێی ئەو یاسایەی لەسەرەوە ئاماژەی پێکراوە.

**چوارەم:** شارەوانی بۆی هەیە داواکاری بە خاوەنکردن ڕەتبکاتەوە ئەگەر پێگەی خانووبەرەکە سەرپێچی بێت بۆ ماستەرپلان یان نەخشە ووردەکارییەکان یان بەهۆی نەبوونی مەرجی داواکراو لەکەسی زێدەڕۆکار، وە زێدەڕۆییەکە لەسەر تێچووی خۆی لادەبرێت و مافی هەیە ڕەفتار بە پاشماوەکان بکات.

**ماددەی چوارەم:**

ئەگەر کەسی زێدەڕۆکار داواکاری بە خاوەنکردن پێشکەش نەکات لەو ماوەیەی لە برگەی **(چوارەم)** ی ماددەی **(دووەم)** ی ئەم یاسایە دیاری کراوە، یان بەرامبەری بە خاوەنکردنی مەزەندکراو لەلایەن لیژنەوە نەدات، ئەوا مافی بەخاوەنکردنی دەفەوتێت و خانووبەرەکە بە زەوی و بینایەوە بە ناوی شارەوانی پەیوەندیدار تۆمار دەکرێت ، و شارەوانی مافی ڕەفتارکردنی هەیە بەم خانووبەرەیە بەپێی **یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی مایەکانی دەوڵەت یاسای ژمارە (٣٢) ی ساڵی ١٩٨٦** ی هەموارکراو ، وە لەبەرامبەری فرۆشتنەکەی بەهای دروستکراوەکان بەشێوەی شایستەبوونی بەلێکراوەیی (مستحقە القلع) دەدرێتەوە خاوەنەکەی.

**ماددەی پێنجەم:**

نابێت زیاترلە یەك پارچە زەوی بە خاوەن بکرێت بۆ کەسی زێدەڕۆکاری داواکاری بەخاوەنکردن بەو مەرجەی ڕووبەرەکەی زیاتر نەبێت لە (٢٠٠) دوو سەد مەتر دووجا لە ناوەندیی پارێزگا و (٢٥٠) دوو سەدو وپەنجا مەتر دوو جا لە ناوەندی قەزا و (٣٠٠) سێ سەد مەتر دووجا لە ناوەندیی ناحیە، و ڕووبەرە زێدەکان بە نرخی ڕاستەقینەی باو مەزەندە دەکرێن بەو مەرجەی ڕووبەری پارچە زەوییەکە لە هەموو

حاڵەتێکدا زیاتر نەبێت لە (٥٠٠) پێنج سەد مەتر دووجا و ئەو کەسەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیگرێتەوە بە کەسی سوودمەند لە دەوڵەت دادەنرێت.

**ماددەی شەشەم:**

پێویستە لەسەر وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار نەخشە و دیزاین و پێداویستی تەکنیکی پێویست بۆ ئەو ناوچانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە ئامادە بکات لە ماوەیەك کە لە (٦) شەش مانگ لە ڕێکەوتی بەرکاربوونی ئەم یاسایە پێپەڕنەکات.

**ماددەی حەوتەم:**

کەسی زێدەڕۆکاری سەرپێچکار بۆ حوکمەکانی ئەم یاسایە بەو سزایانەی لە ماددەکانی (١١ ، ١٢، ١٣، ١٤، ١٥، ١٦) ی ( **یاسای ڕێگری لە زیادەڕۆیی و لابردنی لەسەر زەوی و زار و موڵکی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠١٨** ) دا هاتوون ، سزا دەدرێت.

**ماددەی هەشتەم:**

دەست دەکرێت بە لابردنی زێدەڕۆییی بەپێی ئەو ڕیکارانەی لە یاسای ژمارە (٣) ی **ساڵی ٢٠١٨** دا دەقیان لەسەر کراوە.

**ماددەی نۆیەم:**

پێویستە لەسەر وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە لە ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژ لە ڕێکەوتی بەرکاربوونی دەربکات بەو مەرجەی ڕەچاوی ئەو بڕیار

و فەرمانانە بکات کە پێشتر لەلایەنی تایبەتمەندەوە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێش بەرکاربوونی ئەم یاسایە دەرکراون، و کاریان پێدەکرێت مەگەر لەو لایەنەی دەری کردووە هەڵبوەشێندرێتەوە.

**ماددەی دەیەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجوومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی یازدەیەم:**

ئەم یاسایە جێبەجێ دەکرێت لە ڕێکەوتی دەرچوونی ڕێنمایی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری تایبەت بە ئاسان جێبەجێ کردنی حوکمەکانی **یاسای ڕێگری لە زیادەڕۆیی و لابردنی لەسەر زەوییەکانی دەوڵەت ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠١٨.**

**ماددەی دوازدەیەم:**

ئەم یاسایە بۆ ماوەی دوو ساڵ لە ڕێکەوتی بەرکاربوونی کاری پێدەکرێت.

## هۆیەکانی دەرچواندن

لە پێناو پارێزگاریکردن لە نیشانەکانی شارستانییەکانی شارەکانی هەرێمی کوردستان – عێراق، و چارەسەرکردنی حاڵەتەکانی زێدەڕۆیی لەسەر ئەو زەوییانەی موڵکی دەوڵەتن یان موڵکی شارەوانییەکانن، و بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەر بۆیان لە دوای ئەوەی بوونەتە واقیع حاڵ، وە بۆ ڕێگەنەدان بە بەردەوامبوونیان و دانانی سنوورێك بۆیان، و بە مەبەستی جێبەجێکردنی ماستەرپلانی شارەکان لەلایەن شارەوانییەکانەوە، ئەوا ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

٢



ژمارە: / ٤١ /
بەروار: ٣ / ٧ / ٢٠١٩

No: / /
Date: / /٢٠١٩

## بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

## بابەت/ ڕاپۆرتی لیژنە

لیژنەی ( کاروباری یاسایی) ڕۆژی (چوار شەممە) ڕێکەوتی (٣ / ٧ /٢٠١٩) کۆبوونەوەیان ئەنجامدا بۆ تاوتوێ کردنی ئەم پێشنیازە یاساییانەی کە ناویان لە خوارەوە ئاماژەی پێ کراوە :

١- ئاماژە بە نووسراوەتان ژمارە (ك ٢٥ ) لە ٢٨/ ٣ / ٢٠١٩ :
پێشنیازی یاسای ( مرۆڤ سازی لە هەرێمی کوردستان) .

٢- ئاماژە بە نووسراوەتان ژمارە (ك ٥٣ ) لە ١١ / ٤ / ٢٠١٩ :
پێشنیازی یاسای ( بەگەڕخستنەوەی کارگە لە کارکەوتووەکان لە هەرێمی کوردستان).

٣- ئاماژە بە نووسراوەتان ژمارە (ك ٢٥٠ ) لە ٢/ ٧ / ٢٠١٩ :
پێشنیازی یاسای ( بە خاوەن کردنی ئەو زەوییانەی زێدەڕۆییان لەسەر کراوە لە سنوری شارەوانییەکان لە هەرێمی کوردستان).

٤- ئاماژە بە نووسراوەتان ژمارە (ك ٢٥١ ) لە ٢ / ٧ / ٢٠١٩ :
پێشنیازی یاسای ( هەمواری یاسای ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان).

ژمارە: ٥٠/ ٢٥٠
بەروار: ٢/ ٧/ ٢٠١٩

No: /٣٠/
Date: 2 / 7 /2019

**بۆ/ لیژنەی کاروباری یاسایی**

**بابەت/ پرۆژە یاسا**

هاوپێچ لەگەڵ نووسراوماندا دەقی پرۆژە یاسای (**بەخاوەن کردنی ئەو زەوییانەی زێدەڕۆییان لەسەر کراوە لە سنووری شارەوانییەکان لە هەرێمی کوردستان - عێراق**)، کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان پێشکەش کراوە، ئاراستەتان دەکەین، بە مەبەستی دیراسەت کردن و دەربڕینی راتان لە بارەیەوە بۆ ئامادەکردن و دانانی لە بەرنامەی کاری دانیشتنی پەرلەمان بۆ خوێندنەوەی یەکەم.

لەگەڵ ڕێزدا

**هێمن هەورامی**

**جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان - عێراق**

**یەك بۆ:**

- نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان
- نووسینگەی بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان
- نووسینگەی بەڕێز سکرتێری پەرلەمانی کوردستان
- نووسینگەی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی دیوان
- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان و لیژنەکان